# دەسەڵاتی نەرم وخەبات
# دژی تیرۆریزم

نوسینی/جوزیف نای *
وەرگێرانی : مەجید ساڵح




ساڵی رابردوو لەیانەی ئابوری جیهانی کە لە دامۆسی سویسرا بەسترا, جۆرج کـاری گـەورە ئۆسـقفی کانتری لەکۆڵن پاوەڵی وەزیری دەرەوەی ئەمریکای پرسی, بۆ ئـەمریکا زیـاتر پشـتی بـە بـەکارهێنانی هێزی زبر بەستووە هێزی نەرم بەکارناهێنێ ؟ لەوەلآمدا پاوەڵ وتـی بـەهۆی بـەکارهێنانی هێـزی زبـر لەجەنگی جیهانی دووەهەمدا ئـەمریکا شـەڕەکەی بـردەوە, هـەروەها وتـی :"دوا بـەدوای بـەکارهێنانی هێزی زبر یەکسەر چی روویدا؟ ئایا ئەمریکا ویستی ولآتانی ئەروپا بخاتە ژێر دەسەلآتی سیادەی خۆیەوە؟ نەخێر, بـەڵکو بـەکارهێنانی هێزی نەرم دەستی پێکرد, کە لە پرۆژەی مارشاڵدا خۆی دەبینیەوە ٠٠لەژاپونیش هەمان شتمان ئەنجامدا, لـە پـاش کۆتـایی هـاتنی شـەڕی عێراق باسم لەهێزی نەرم کرد, هێزی نەرم چەمکێکی داهێنراوە, ئەویش لەگۆنگرەیەك لەواشینتۆان کەسوپای ئەمریکا بەستبوی, دوناڵـد رامسفیڵد یەکێك بوو لەوانەی لەو کۆنگرەیـەدا وتـارێکی خوێنـدەوە, رێگـەم پـێ بـدەن لێـرەدا هەنـدێك بەشـی ئـەو را پۆرتـەمان بخەمـە بەردەسـت کـە لـە رۆژنامەیەکـدا بلآوکراوەتـەوە "هـەموو فەرمانـدە سـەربازییەکان بەسـۆزەوە گوێیـان گرتبـوو, بـەلآم کاتێـك یـەکێك لەئامادەبوان لەرامسفیڵدی پرسی راتان چییە سەبارەت بەهێزی نەرم,لە وەلآمدا وتی:"نازانم ئەو دەستەواژەیە چی دەگەیەنێت !!!" ٠
رامسفیڵد بڕوای بەو رێبازە هەیە کە دەڵێت:" لاوازیت خەڵکانی ترت لێهاندەدات" , تاڕادەیـەك ئـەو قسـانە ڕاسـتن, وەك چـۆن جارێـك ئوسامە بن لادن وتبوی" خەڵك ئەسپی بە هێزی خۆش دەوێت" , بەلآم ئەگەر پێناسەی "هێـز" بـەوە بکـەین کـە تواناییەکـە بـۆ کاریگـەری خستنەسەر ئەوانی دی ئەوا ئەو هێزە لەچەند سەرچاوەیەکی جیاجیاوە دێت, هێـزی نـەرم هـەرگیز لاوازی ناگەیـەنێت, بـە پێچـەوانەوە, نازانین بەکارهێنانی هێزی نەرم بەشێوەیەکی کاریگەر وای لە ئەمریکا کردووە لاواز بێت لە شەڕی تیرۆریزمدا .
هێزی نەرم ئەو توانایەیە کە ئەتوانێت بتگەیەنێتە خواستەکەت لـە رێگـەی پەیـداکردنی دۆسـتی تـرەوە, نـەك لـە رێگـەی هەڕەشـەو گوڕەشەوە, بەلآم ئەم هێزە پشت دەبەستێ بە کەلتوورو بنەما سیاسییەکان وسیاسەتە رەچاوکراوەکان .
ئەگەر بتوانیت ئەوانی تر بێنیتە سەر ئـەو قەناعەتـەی کەهـەمان ئـەو شـتانەیان بوویـت کـە تـۆ دەتـەوێت, ئـەو کـات ناچـار نابیـت سیاسەتی کوتەك وگێزەر بەکار بهێنیت بۆ ئەوەی خەڵك بخەیتە سەر ئەو رێگەیەی کە لە بەرژەوەندی تۆدایە .
بەلآم هێزی زبر کە پشت بەرق هەڵگرتن وناچارکردن دەبەستێ, سەرچـاوەکەی هێـزی سـەربازی وئـابوورییـە, گرنگـی ئـەم هێـزەش لـە دونیایەکی پر لەو ولآتـانەی کە هەڕەشە لەوانی تر دەکەن ولێوان لێون لەرێکخراوی تیرۆریستی, هـەر دەمێنـێ, بـەلآم هێـزی نـەرم زیـاتر دەتوانێت رێگە لەوە بگرێت کە تیرۆریستان لایەنگری نوێ بۆ خۆیان پەیـدا بکـەن, هـەر ئـەم هێـزەش دەتوانێـت هاوکـاری ونێونەتـەوەیی دروست بکـات بـۆ روو بـەڕوو بوونـەوە لەگـەڵ تیرۆریزمـدا , سـەردەمی رۆمانەکانـەوە تـاکو ئێسـتا هـیچ هێزێـك بەقـەد هێـزی ئـەمریکا دەرنەکەوتووە, بەلآم ئەمریکاش وەکو رۆمای کۆن, ئەو ولآتە نییە کەکەس ناتوانێت تێکیشکێنێت و بیبەزێنێت وئەوەندەش پارێزراو نییـە لەبەرامبەر هێرشەکان, رۆمای کۆن لەبەر هاتنی ئیمبراتۆریەتێکی تـر توشی بـەزین نـەهات, بـەڵکو ئـەو ئیمبراتۆریەتـە مەزنـە بـەهۆی هێرشە یەك لەدوای یەکەکانی بەربەریەکان توشی شکست هات, ئـەم تیرۆریسـتانەی کـە نـوێترین تـەکنیکی پێشـکەوتوو بوکـار دەهێـنن, بەربەرییە نوێکانن, ئەمریکا بەتەنها ناتوانێت هەموو ئەوانەی کە گومانیان لێدەکات سەرکردەیەکی ئەلقاعیدە بـن راوبنێـت, هـەروەها ناتوانێت هەر کاتێك بیەوێت شەر هەڵگرسێنێت ئەگەر بێت وولآتانی تر ئامادەییان تیا نەبێت بۆ بەشداریکردن .
شەڕی چوار هەفتەی ئەمریکا لە ئێراق, دەرخستنی توانا سەربازییەکانی ئەمریکا بوو بـۆ رووخانـدنی دیکتـاتۆرێکی گوناهکـار, بـەلآم ئەو شەڕە نەیتوانی ئەمریکا بپارێزێت لەشەڕی تیرۆریستان, جگە لەوە لەو رووەی کـە نـەمانتوانی لەرێگـەی شـەڕی نەرمـەوە لایـەنگر بـۆ خۆمان دروست کەین , شەڕەکە شەڕێکی پر خەرج بوو, لە پاش شەڕەکە را پرسییەکان ئەوەیان دەرخست کـە شـەعبیەتی ئـەمریکا تەنانـەت

له وڵاتێکی وەك بریتانیاو ئیسپانیاو ئیتالیاش دابەزیوە, وەك دەزانین ئەو وڵاتانە پیشتوانیان لە ئەمریکا کردلەو شەڕەدا, هەروەها شەعبیەتی ئەمریکا لەو وڵاتە ئیسلامیانەی کە پێویستیان بە یارمەتیدان هەیە لەشەڕی تیرۆریزم, بەشێوەیەکی خراپ دابەزی, شەڕی تیرۆریزم پێکدادانی شارستانییەتی ئیسلام ورۆژئاوا نییە, بەڵکو دەکرێت بەشەڕی ناوخۆی ناو شارستانیەتی ئیسلامی داینێن کە لەنێوان رادیکاڵەکان و زۆرینەی میانڕەوەکاندا روو دەدات, رادیکاڵەکان پشت بەزەبرو زەنگ دەبەستن بۆسە پاندنی بۆچونەکانیان ومیانڕەوەکانیش دەیانەوێت هەلی کارکردن وخوێندن وتەندوروستی باش وکەرامەتیان دەستکەوێت , ئەمریکا ئەم شەڕە ناباتەوە گەر میانڕەوەکان سەرنەکەون, هێزی نەرمی ئەمریکا هەرگیز ناتوانێت ئوسامە بن لادن وتوندڕەوەکانی تر بۆ لای خۆی راکێشێ, تەنها هێزی زبر دەتوانێت رووبەرویان ببێتەوە, بەڵام هێزی نەرم دەتوانێت میانڕەوەکان بۆ لای خۆی راکێشێ ورادیکاڵە توندڕەوەکان بێبەشکات لەوەی لایەنگری زیاتر بۆ خۆیان پەیدا بکەن .

لەکاتی شەڕی ساردا ستراتیژییەتی ئیحتیوا کردن توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ, هێزی زبر کە خۆی لە رووبەروو بونەوەی سەربازیدا دەبینییەوە' لەگەڵ هێزی نەرم کە بریتیبوو لە راکێشانی خەڵك بۆ پیتەوەی پەردە ئاسنینەکە, توانیان رۆژئاوا لەبەرامبەر رۆژهەلات سەرخەن, ئێزگە جیاجیاکانی ئەمریکا توانیان بڕوا بەخۆبوونی سۆڤێت تێك بشکێنێ, هەروەها ئەمریکا توانی لە رێگەی ئاڵوگۆڕکردنی کەلتورو هاتوچۆکردنی خوێندکارانەوە ناخی سۆڤێت کرمەژن کات, وەك چۆن دەوترا یەکێك لە جاسوسەکانی KGB دەڵێت:" ئەو ئاڵوگۆڕە کەلتورییەی کە هەبوو وەکو ئەسپەکەی تروادە بوو بۆ سۆڤێت, چونکە بووە هۆی داروخانی سیستەمی سۆڤێت", پاش خانەنشین کردنی دوایت ئایزنهاوەری سەرۆکی وتی:"ئەبوایە پارەم لە بودجەی وەزارەتی بەرگری ببڕیایەو CIA م پێی بەهێز بکردبایە"
.

لە پاش جەنگی سارد ئەمریکایەکان زیاتر گرنگیان بەدابینکردنی بودجە دەداو گوێیان بە سەرمایەکوزاری لەهێزی نەرم نەدەدا, لەساڵی ٢٠٠٣گرو پێك لە راوێژکارانی هەردوو حیزبی کۆماری ودیموکراتی لە را پۆرتێکدا بڵاویان کردەوە کەوا ئەمریکا لە دیبلۆماسییەتی گشتی خۆی لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا کەمتر لە ٥٠ملیۆن دۆلار خەرج دەکات, را پۆرتەکە ئەوەیشی دەرخستبوو کە ئەو بڕە پارەیە تارادەی ئابڕوچون کەمەو بەش ناکات, لەراستیدا, تێکڕایی ئەو خەرجیانەی کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە دیبلوماسییەتی گشتی وئێستگە نێودەوڵەتییەکانیدا سەرفی دەکات نەختێ لە بلیۆن دۆلار زیاترە, ئەو بڕە پارەیە دەکاتە هەموو ئەو پارەیەی کە بریتانیا وفەرەنسا خەرجیدەکەن وبودجەی وەزارەتی بەرگری ئەو دوو وڵاتە دەکاتە ٢٥٪ی بودجەی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا ,بەهەر حاڵ هیچ عاقڵێك نییە پێشنیاری ئەوە بداتە ئەمریکا, بۆ ئەوەی رێژەی خەرجی تەقاندنی فکرو تەقاندنی بۆمب وەك یەك لێبکات, بەڵام سەیر لەوەدایە ئەمریکا چوارسەد جار ئەوەندەی لەهێزی نەرمدا, لەهێزی زبر خەرج دەکات .

واتە ئەگەر ئەمریکا ١٪ بودجەی گشتی کاروباری سەربازی بۆ هێزی نەرم تەرخان بکات, ئەوا لەشەڕی دژ بە تیرۆریزمدا چوار ئەوەندە زیاتر خەرج دەکات, ئەگەر ئەمریکا بیەوێت لەم شەڕەدا سەرکەوێت, دەبێت سەرکردەکانی بتوانن هەردوو هێزی زبرو هێزی نەرم لەیەك هێزی نوێدا کۆ بکاتەوە, کە ئەو هێزە دەتوانین ناوی بنێن هێزی ژیر.

* جۆزێف نای راگری کۆلێژی کنیدیە بۆ زانستی حکومەت لەزانکۆی هارڤاردو خاوەنی کتێبی ( هێزی نەرم, رێگایی سەرکەوتن لە دنیایەتی نێودەوڵەتیدا )